http://jgarmianuniv.net https://doi.org/10.24271/garmian.33

# گرنگی مێژوویی شاری حۆلوان لە سەردەمی پێش ئیسلام

بهرام عبدالله دلپاک
**زانكۆی گەرمیان، بەشی مێژوو، كۆلێژی زمان وزانستە مرۆڤایەتییەكان**

## پوخته

بێ گومان بارودۆخی لە باری جۆگرافیایی و ستراتیژی حۆلوان پیشان دەدات کە ئەم ناوچەیە لە کۆنەوە گرنگیەکی تایبەتی بووە. چونکە بە سەیر کردن لە لاپەرەکانی مێژوو و بینینی ئەو هەموو ئاسەوارە لەم دەڤەرەدا دەی سەلمێنێت کە ئەم ناوچە پێگە و جێگای قەومەکانی چیای زاگرۆس بە تایبەتی لولوبیەکان و پاشان حکومەتی ماد و هەوارگەی هەندێ لە پاشاکانی ساسانی بووە. دیارە کەش و هەوای لەباری ئەم ناوچەیە و خالی پەیوەندی نێوان شارە گرنگەکانی ئەو سەردەمە لە روی سیاسیەوە وەکو هەمەدان و کرماشان بە تەیسەفون و میزۆپۆتامیاوە و هەروەها هەلکەوتنی لە سەر رێگای بازرگانی و جادەی ئاوریشم، ئەم ناوچەیە بە یەکێ لە گرنگترین ناوچەکانی ئێرانی پێش ئیسلام دەناسێنرێت. ئەم توێژینەوە دەی ئەوێتا بە متۆدێکی زانستی و مێژوویی،سەرە رای باس لە جوگرافیای مێژوویی و گرنگی ستراتیژی و سیاسی ئەم شوێنە لە سەردەمی پێش ئیسلام ئاماژە بە سیاسەت و فەرهەنگی ئەم جۆر حکومەتانە بکات کە لەم ناوچەیەدا دەسەلاتیان بووە.

**وشە کلیلیەکان**: حۆلوان، زەهاو، جادەی ئاووریشم، لولوبی ، ماد، ساسانی، شوێنەوار.

## پێشه کی

شاری حه لوان یا حۆلوان یه كێ له و ناوچه گرنگانه یه كه پێشینه یه كی دێرینی هه یه. گرنگیه كه ی له وێوه بۆمان ده رده كه وێت كه سه ره رای هه بونی كه ش و هه وایه كی له بار و هه روه ها ئاو و روبارێكی زۆر و به دیهاتنی به رهه می ئابوری كشت و كالی كه هه ر له مێژه وه بۆته هۆی نیشته جێ بوونی گه لێك قه وم و هۆز؛ شوێنێكی ستراتیژی گرنگ بووه كه ئێرانی ئه و سه رده مه ی به شاره گرنگه كانی عێراق وه كو ته یسه فون و بابل و به گشتی مێزۆپۆتامیا گرێ داوه. به واتایه كی تر حۆلوان ناوچه یه كی گرنگی بازرگانی بوو كه له سه ر رێگای جاده ی ئاوریشم هه لكه وتبوو و كاروانه بازرگانیه كان كه شت و مه ك و كالاكانیان بۆ ده ریای ناوه راست ده گواسته وه لێره وه تێپه ر ده بوون و هه ندێ

جار لە وێدا پشویان دە دا. لە رووی مێژووییە وە ئە م دە ڤە رە سنوری دە سە لاتی قە ومە کانی ماد و پێش ماد واتە لولوبیە کان و پاشان ساسانی بووە و مادە کان بە تایبە تی کیاکسارسێیە م پاشای ماد هێرشە کانی خۆی بە رە و ئاشور لێرە وە ئاراستە ی کردووە.

پاش لە ناوچوونی ئاشوریە کان، لە سە ردە می دە سە لاتدارێتی ئە شکانی و دواتر ساسانیە کان ئیمپراتۆریە تی رۆما و بیزە نت پێک هات کە بە یە کێ لە بە هێزترین ئیمپراتۆریە تی جیهانی کۆن لە ئە ژمار دە درێت. ئە م ئیمپراتۆریە بە هۆی فراوانخوازیە وە مە ترسیە کی جدی بۆ شارە سنووریە کانی ئێرانی ئە و سە ردە مەی بە دی دە هێنا لە م کە ین و بە ینە دا حۆلوان وە کو یە کێ لە شا رێگە سە رە کیە کان بۆ تە یسە فون و مێزۆپوتامیا و سنورە کانی ئێران رۆلێکی بە رچاوی گێرا و بوو بە پێگە وشوێنی سە ربازی پاشاکانی ساسانی و بە رگری لە ناوە ندی ئێران لە بە رامبە ر بیزە نتیە کانە وە.

حۆلوان وێرای شوێنێکی ستراتیژی کە لە روی سیاسی و ئابوریە وە بۆ ئێرانی پێش ئیسلام گرنگ بووە لە روی شوێنە واری مێژوویشە وە سە رنجی مێژوونوسان و لێکۆلە رانیشی بۆ خۆی راکێشاوە. هە بوونی ئە و شوێنە وار و بە ردە نووسانە کە لە ناو دلی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس هە لکە ندراوە و تۆمار کراوە(وە کو شوێنە واری لولوبیە کان) بە پێی زانستی شوێنە وار ناسی یە کێ لە کۆنترین پاشماوە مێژووییە کانە بە واتایە کی تر یە کە م هۆنە ری جوانکاری و نە خش و نیگار لە سە ر بە رد لە ئە ژمار دە درێت.

بە رە چاو کردنی ئە م زانیاریانە توێژە ر بە گلالە دارشتنی ئە م پرسیارە کە حۆلوان بۆ چی لە سە ردە می پێش ئیسلام دا گرنگی هە بووە و کاریگە ری ئە و ناوچە لە سە ر بارودۆخی سیاسی و ئابوری ئێرانی پێش ئیسلام چی بووە دە ی ئە وێت بە تاوتوێ کردن و لێک دانە وە ی ئە و سە رچاوانە کە لە بە ردە ستی بوون بە وە لامی ئە م پرسیارە بگات.

## جۆگرافیای مێژوویی شاری حۆلوان

حۆلوان وە کو بە شێ لە ناوچە کانی چیای زاگرۆس جێگای یە کە م حکومە تی کوردی واتە مادە کان و پێش مادە کان زانراوە.[١] و دواتر بۆتە یە کێ لە شارە گرنگە کانی سە ردە می ساسانی.جۆگرافی نووسە کان ئە م شارە یان لە هە رێمی چوارە م واتە دوا شاری ئە یالە تی جبال و دە روازە ی عێراق ناساندوە.[٢] ئە یالە تی جبال ناوچە شاخاویە کی پان و بە رین بوو کە یۆنانیە کان پێیان دە وت مدیا کە لە رۆژئاواوە بۆ دە شتە کانی میزۆپۆتامیا و لە رۆژهە لاتە وە بۆ دە شتی گە ورە ی ئێران سنوردار دە بووە وە کە لە لایە ن جۆگرافی نووسە عە رە بە کان بە ئە یالە تی جبال ناسراوە وچوار شاری گە ورە ی لە خۆ دە گرت کە بریتی بوون لە کرماشان، هە مە دان، رە ی و ئە سفە هان[٣]. لە وانە یە نە توانین بە وردی شوێنی ئە و

ناوچە مێژووییە (حۆلوان) دیاری بکە ین بە لام بە پێی ئە و بە لگە و نووسراوانە کە لە بە ر دە ستایە و هە روە ها هە بوونی ئە و شوێنە وارە مێژووییانە و بۆچوونی هە ندێ لە لێکۆلە ران نێوان دو شاری کرێند و قە سری شیرین واتە ئە و ناوچە یە کە ئێستا شاری سە رپێلی زە هاوی تیا هە لکە وتوە بووە. سە رپێلی زە هاو یە کێ لە شارە کانی رۆژئاوای پارێزگای کرماشانە.

حۆلوان بە درێژایی مێژووە کە ی کۆمە لە ناوێکی جۆراوجۆری لە خۆ گرتوە بۆ نمونە حۆلوان لە سە رچاوە یۆنانیە کاندا بە (خالا) تۆمار کراوە و لە سە ردە مى ئاشوریە کاندا ئە م شارە بە (خە لمە نۆ) ناسراوە.[٤] هە روە ها ئە م شارە پێش سە ردە مى ساسانیە کان بە چە ندە ها ناوێکی کە وە کو بلاشگرد، کالمانۆ و هالمان تۆمار کراوە. دە بێ ئە وە ش بزانین کە ئە م حۆلوانە لە گە ل حۆلوانە کانی تر وە کو حۆلوانی نە یشاپور و حۆلوانی مسر کە یاقوتی حە مە وی لە کتێبە کە یدا ئاماژە ی پێ کردوە جیاوازی هە یە.[٥]

لە سە ردە می ساسانیە کاندا حۆلوان پارێزگا یا بە واتای سە رچاوە ئیسلامیە کان (کورە )یە بوو بە ناوی شاد فە یرۆز یا خە سرە و شاد فە یرۆز کە پێنج شار یا( تە سوجی) لە خۆ دە گرت کە بریتی بوون لە پیرۆزقۆباد، جبال، تامرا(سەیمەرە)، ئە ربیل و خانە قین.[٦] ئە م جۆر سنوربە ندیە کە حۆلوان بە سە ر چە ند شار دابە ش دە بوو و لە راستیدا کۆمە لە شارێکی لە خۆ دە گرت هۆکارە کە ی زۆرتر پە یوە ندی بە سیستە مى باج و داهاتی ئە م جۆر شارانە بووە.[٧] ئە گە ر حۆلوان وە کو پارێزگایە ک لە بە ر چاو بگیرابا شارێ وە کو خانە قین و قە سری شیرینیش لە ریزی ئە م پارێزگا لە ئە ژمار دە درا ،بە لام کاتێ کە وە کو شار یا قە زا ناوی لێ دە برا روبە رە جۆگرافیاکە ی زۆر کە متر دە بوو. کۆمە لێ لە جۆگرافی نووسە کان و لێکۆلە ران سە بارە ت بە وە ی کە حۆلوان دە کە وێتە سنوری جۆگرافیایی کام یە ک لە دو ولاتی ئێران و عێراق بیر و رای جیاوازیان هە یە؛ جۆگرافی نووسانێک وە کوابن حوقل، یاقوتی حە مە وی و اصطخری حۆلوان بە یە کێ لە شارەکانی عێراق دە زانن بۆ نمونە ابن حوقل دە لێت:( حۆلوان شارێکە کە لە سەر شاخدا هەڵکەوتوە و بە سەر عێراقدا زاڵە و لە نەخشەدا بەشێکە لە عێراق).[٨] یاقوتی حەمەویش ئەڵێت: کە حۆلوانی عێراق لە دوا سنورەکانی سەواد لە نزیک جبال هەڵکەوتوە.[٩] ومەقدەسیش لە کتێبەکەیدا سەرەرای باس لە ئەیالەتی جبال و دیاری کردنی سنوری جۆگرافیایی ئەم ناوچەیە شوێنی حۆلوان لە دەوروبەری عێراق دەزانێت.[١٠] بەڵام یەعقوبی بە دروستی ئەم ناوچەیە لە قەلەمرەوی سەرزەمینی جبال دەزانێت و دەش لێت زۆرینەی دانیشتوانی ئەم شارە کوردن. ١١

هەبوونی سەرچاوە ئاویەکان و روبارەکان وەکو پاتاق، قەرەبلاغ، زهاو یا ئەڵوەند ئەم ناوچەیە لە روی ئابوری و کشت وکاڵیەوە کردوە بە یەکێ لە گرنگترین ناوچەکانی پارێزگای کرماشان و رۆژئاوای ئێران؛ بە جۆرێکە ابن حوقل لە کتێبەکەیدا حۆلوان بە شارێک پێناسە دەکات کە ئاو و روباری زۆری هەیە.[١٢] بەڵام گرنگترین سەرچاوەی ئاوی ئەم شارە روباری ئەڵوەند یا بە واتایەکی تر حۆلوانە. دەتوانین بڵێین شاری حۆلوان لە کەناری ئەم روبارە پێک هاتووە. ئەم ناوچە لە سەر شا رێگای سەرەکی خۆراسان بۆ تە یسەفون هەڵکەوتبوو بە جۆریکە دەروازەی رۆژهەلاتی پایتەختی ساسانیەکان واتە تەیسەفون بوو کە لە ئەنجامی تێپەر بوونی کاروانە بازرگانیەکان لە رووی ئابوریەوە گەشەی بە خۆیەوە بینیبوو.

## حۆلوان وجادەی ئاوریشم لە مێژووی پێش ئیسلام

حۆلوان یەکێکە لە ناوچە هەناردراوەکانی سەرەکی جۆری بەرهەم وە کو ئەنجیر،ترێ،هەنار،رێواس و توو بوو. هەروەها کە پێشتر ئاماژەمان کرد ئەم ناوچە لە سەر رێگای جادەی ئاوریشم هەڵکەوتبوو. ئەم رێگایە بە پێی نووسینەکانی خاراکسی دەکەوێتە سەر هێڵی میزۆپۆتامیا و ناوچە شاخاویەکانی زاگرۆس واتە پاش تێپەر بوونی شارەکانی عێراق وەکو بابل و خانەقین ئەم جادە لە حۆلوانەوە بە ناوچە کانی کرێند، کرماشان، بێستون، کەنگاوەر و پاشان هەمەدان دەگات.[i٣]

جادە یا رێگای بازرگانی کە یەکەم جار لە لایەن( بامێری سویسرایی) بە ناو جادەی ئاوریشم ناسراوە بە پێی لێکۆلەرە ئەوروپیەکان بە تایبەتی جۆگرافی زانی ئەلمانی واتە فۆن ریچت هۆفن بەم جۆرە پێناسە دەکرێت: جادەی ئاوریشم بە هەموو ئەو ناوچانە دەوترێت کە لە نیوەی هەزارەی یەکەمی پێش ز تا کۆتایی زنجیرە دەسەلاتی تانگ لە سەدەی ١٠ ز هەموو جۆر کاڵا و شت و مەک نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا جێ بە جێ دەکات. ئەم رێگایە کە نزیک حەوت هەزار کێلۆمەتر بوو لە ناوچە جۆگرافیاییەکان و سنورە سیاسیەکان تێ دەپەری وجگە لە کاڵا بە نرخەکان مادەی خاوی سەرەتاییشی پێ بازرگانی دەکرا.[١٤] بەڵام ئەم جادەیە بە گشتی لە سەدەی دووەمی ز کە هاوکات بوو لەگەل زنجیرە دەسەلاتی هان لە چین، زۆرترلە پێش بایەخ و برەوی پێدرا چۆنکە ئاوریشم لەم سەردەمەدا لە ولاتی چین بەرهەم هات و بوو بە یەکێ لە سەرەکیترین کاڵای پیشە سازی و بازرگانی. بە جۆرێکە ئاوریشم لە دەریای ناوەراست زۆر بایەخی بوو و هاوئاستی زێر چاویان لێ دەکرد. ئەم جادەیە کە گرنگترین فاکتەری سەرەکی پەیوەندی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بوو سەرە رای ئاڵ و گۆڕ کردنی کاڵاکان، زانست و تەکنۆلۆژیا تەنانەت زمان و ئەندێشەی فەلسەفیش ئاڵ و گۆر دەکرا.[١٥]

لە سەردەمی هەخامەنشیەکان جادەی ئاوریشم بە جادەی گەورەی شا(شایی) بەناوبانگ بوو. بیرمەندان جادەی گەورەی شایی هۆکاری بە هێزبوونی ئابوری و دەسەڵاتدارێتی سیاسی هەخامەنشیەکان دەزانن. هەخامەنشیەکان زۆر گرنگیان بە سنورەکانی رۆژئاوا دەدا بە تایبەتی ئەو ناوچانە کە حۆلوانی تیا هەڵکەوتبوو. چونکە پەیوەندیەکان و هەروەها شەر و ململانێکان لەوێوە ئەنجام دەدران. بۆ نمونە جەنگەکانی کورۆش لەگەڵ ئاشور و بابل و لەشکرکێشیەکانی کامبیز بۆ مسرو هەروەها جەنگەکانی داریوش لە باکوری قەفقاز و لێوارەکانی دەریای رەش و پێشرەویەکانی سوپای ئێران لە سەردەمی ئەودا گرنگی دانی شاکانی هەخامەنشی بە بەرەی رۆژئاوا بە گشتی و ناوچەی حۆلوان بە تایبەتی بووە.[١٦]

ئەگەر چی حۆلوان لە سەردەمی ساسانیەکاندا بووژاوەتەوە و لە سەردەمی قۆبادی ساسانی نۆژەن کراوەتەوە وتەنانەت دروست بوونی بۆ سەردەمی ئەو پاشایە دەگەرێننەوە؛[١٧] بەڵام پێش ساسانیەکان لە ژێر ناوێکی دیکەدا بوونی بووە. بە پێی ئەو هەڵکەندراوە و بەردەنوسینە مێژووییە کە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی لولوبیوکان لە سەدەی ٢٣پێش ز دەسەلمێنێت کە ئەم ناوچە خاوەن مێژوویەکی دێرینەیە و لە سەردەمی پاشا ئانوبانینی لە ژێر دەسەڵاتی لولوبیەکاندا بووە.[١٨] پاش ئەوەی کە قەومی ماد بە سەر هۆزە ناوچەیەکانی باکوری رۆژئاوای ئێران سەرکەوت و سنوری دەسەڵاتی فراوانتر کرد؛ سەرنجی حکومەتەکانی دەوروبەری بە لای خۆیەوە راکێشا تا لە پێشکەوتن و فراوانخوازی مادەکان و مەترسیە کە بۆ ئەوانی بەدی دەهێنا بەرگری بکەن. یەکێ لەم حکومەتانە ئاشوربوو و ئاشوریەکان بەم ئامانجەوە هێرشیان کردوەتە سەر مادەکان و حۆلوان رێگای سەرەکی ئەوان و لە راستیدا دەروازەی رۆژئاوای ئێران بووە. و لەوێوە هێرشەکانی خۆیان ئاراستەی مادەکان کردوە. سەرباری ئەوەش پشت بەستن بە هەبوونی گۆرە بەردینەی (دەخمەی) دوکانی داوود لە شوێنەوارەکانی مادە کە دەتوانین بلێین حۆلوان بەشێک لە قەلمرەوی مادەکان بووە و زۆربەی ئەو جەنگانە کە ئاشوریەکان لە بەرامبەر مادەکان کردویانە لەم دەڤەرەدا بە تایبەتی و لە کرماشان و کوردستان بە گشتی روی داوە. یەکەم زانیاریمان دەربارەی ماد لەگەڵ ئاشوریەکان لە سەدەی ٩پێش ز دەس پێ دەکات؛[١٩] بە جۆرێکە لە سەردەمی شەلمانسەری سێیەم ئاشوریەکان لە مادەکان باجیان وەرگرتووە. لە ناو دەقەکانی ئاشوریەکان بۆمان دەردەکەوێت کە گرنگترین ئامانجی سەرەکی نفوزی ئاشوریەکان لە ناو سەرزەمینەکانی دەوروبەریان زۆرتر لایەنی ئابوری بووە. وەرگرتنی باج وەکو یەکێ لە نەریتەکانی گشتی ئاشوریەکان بووە.[٢٠] بە گشتی بە هێز بوونی ئاشوریەکان و نەبوونی سەرچاوە سروشتیەکان بۆتە هۆی هێرشی ئەم قەومە بۆ ناوچە شاخاویەکانی چیای زاگرۆس کە دەروازەکەی شاری

حۆلوان بووە و لەوێوە بەرەو ناو دڵی ئێران نفوزیان کردوە کە بەشێکی زۆری ئەم زانیاریانە لە بارەی ئەو ناوچانە لە دەقە مێژووییەکانی ئاشوریەکان باس کراوە.[٢١]

پێشینەی مێژوویی ئەم شارە کە بە یۆنانی (خاڵا)ی پێ دەوترێت بۆ سەردەمی ئاشوریەکان دەگەرێتەوە کە لە سەرچاوە ئاشوریەکاندا بە هەڵمان ناسراوە. مێژوونوسەکان بە پێی سەرچاوە ئاشوریەکان سەرە رای ئاماژە بە شاخی باتیر کە ئەم شاخە لە سەرزەمینی هەڵمان یا سەرپێڵی زەهاوە؛ یەکێ لە کۆنترین سەرچاوەکان کە بە حۆلوان ئاماژە کراوە لە یەکێ لە هۆنراوەکانی مانیە. لە سەردەمی ساسانی کە هێشتا هۆگری مانی زۆر بووە بۆ ئەوەی کە لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئێران نفوز بکات حۆلوانی کرد بە پێگە و شوێنی بانگەشەکانی خۆی؛ وهەر لەوێوە بانگەشەکارەکانی خۆی بۆ شارەکان دەنارد کە یەکێ لەوانە (مارموا ) بوو کە بە زمانی پەهلەوی کە زمانی ئاخاوتنی ساسانیەکان بوو شارەزا بوو بۆیە ئەوی راسپارد تا لە شاری نەیشاپور بانگەشەی ئایینەکەی بکات.[٢٢]

حۆلوان هەروەها لە سەردەمی ساسانیەکان سەرە رای هەبوونی ئایینی زەردەشتی بە پێی سەرچاوە مێژوویەکان و بەڵگەکانی شوێنەوار ناسی ناوەندی پەروەردە کردنی سە ئایینی مانی، مەسێحی و یەهودی بووە. بە تایبەتی ئایینی مەسێحی کە بە دیل گیراوە بیزەنتیەکان لەوێدا رێژەیان زۆر بوو بە جۆرێکە لە نێوان ساڵانی ٥٥٨-٦٠٥ کۆشکی قەشە ی لێ بووە و هەروەها هەوارە هاوینەی پاشا خەسرەو پەروێز وهاوسەرە مەسێحیەکەی واتە شیرین بووە[٢٣]

هەروەها کە پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد حۆلوان بە دەروازەی عێراق ناسراوە و لە سەر رێگای سەرەکی خۆراسان بۆ بەغدا هەڵکەوتبوو وسەرە رای پێگەیەکی ئابوری و بازرگانی ناوەندێکی سەربازیش بوو. بە جۆرێکە کاتێ مۆسڵمانەکان نفوز دەکەنە ناو ئێران حۆلوان پێگەی سەربازی یەزدگردی سێیەم دوا پاشای ساسانی بوو کە پاش جەنگی جلۆلا و شکستی سوپای ئێران یەزدگرد کە توانای بەرگری کردنی نامێنێت بەرەو ناوەندی ئێران و دواتر رۆژهەڵاتی ئێران هەڵدێت.پاشماوەی قەڵای یەزدگرد لە سەرپێڵی زەهاودا نیشان لە گرنگی ئەم شارە مێژووییە لەم سەردەمە دەدات. لەم سەردەمەدا حۆلوان شارێکی سنوری وەکو گومرک یا وێستگەیەکی پشکنین بوو کە ئەو کەسانە دەرۆشتن بۆ تەیسەفون لەوێدا دەمانەوە.

## ناساندن و لێکدانەوەی شوێنەوارە مێژوویەکان

ناوچەی حۆلوان یا سەرپێلی زەهاوی ئێستا قەلمرەوی سەرزەمینی وشوێنی نفوزی دەسەڵاتی گەلیک حکومەتی ناوچەیی و بە هێزی پێش ئیسلام بووە.و هەبوونی ئەو ئاسەوارانە کە لەم حکومەتانە بە جێ ماون خۆی بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەەم ناوچەیە شوێنێکی ستراتیژی وگرنگی مێژوویی بووە. لە سەردەمانێکدا کە خەت و نووسین لە لایەن چە ند قەومێک وەکو سومریەکان و ئەکەدیەکان و بابلیەکان بە

کار هاتووە و ئەوێش بە شێوازی سەرەتایی، ئەم حکومەتانە هەستاون بە تۆمار کردنی مێژووی سیاسی خۆیان لە سەرشاخەکان و تاشە بەردەکان بۆ ئایەندەگان، کە دواتر ئەم شێوازە لە لایەن حکومەتەکانی پاش خۆیان پەیڕەو کرا. و تەنانەت هەندێ جار نە بە نووسین بەڵکۆ وەکو نەخش هەڵکەندراوە یەک لە سەر چیاکاندا لە خۆیان شوێنەواریان خۆلقاندوە.

ئەم بەردە نووسانە چونکە هاوکات لەگەڵ دەسەڵات داری ئەو چەشنە حکومەتانە نووسراوە لە سەرچاوە سەرەکی و رەسەنەکانی ئەو سەردەمە مێژوویە لە ئەژمار دەدرێن. و ئەم جۆر سەرچاوانە چ لە روی زمان ناسیەوە و چ لە بواری مێژوویی و کۆمەڵایەتیوە و تەنانەت ئایینیشەوە بایەخێکی زۆریان هەیە.[٢٤] و دەتوانین بڵێین ئێمە لە بارودۆخی ناوخۆیی و سیاسی ئەو ماوە مێژوییە ئاگادار دەکاتەوە. حۆلوان خاوەن شوێنەوارێکی مێژوویی زۆرە بەڵام لە گرنگترینیان دەتوانین بە ئەمانەی خوارەوە ئاماژە بکەین و بیانناسێنین.

## بەردە نووس و نەخش هەڵکەندراوەی سەردەمی لولوبیەکان

لە رۆژئاوا و بە پێی وتەکانی هێرتسفیلد دەروازەکانی ئاسیا واتە ئەو رێگایە کە شاری بابلی بە ئێران دەگەیاند هەندێ لە پەیکەری بەردینە لە سەرەتای چیاکانی زاگرۆس و لە سەرپێڵی زەهاو دێنە بەرچاو کە باس لە بە دەسەڵات گەیشتن و تاج نانی پاشایە یا سەرکوت کردنی شۆرشێکی ناوخۆیی و بە دیل گرتنیان پیشان دە دات.[٢٥] یەکێ لەو شوێنەوارە مێژووییانە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی لۆلۆبیەکان. لولوبیەکان لە هەزارە ی سێیەمی پێش ز سنوری دەسەڵاتیان لە شاخەکانی بەشی باکوری روباری دیالە تا دەریاچەی ورمێ درێژەی بووە. لە باکوری شاری سەرپێڵی زهاو لە سەر رێگای هەمەدان بۆ بەغدا لە سەر دو تاشە بەردی (میان کەل) و (کەلی گارا) چەند نەخشێک هەلکەندراوە کە لە گرنگترینیان سەرکەوتنەکانی ئانوبانی نی پاشای لولوبیەکان پیشان دە دات. لەم وێنەدا پاشای لولوبیەکان بە ریشێکی درێژ و چوار گۆش کە سەری بە کڵاوێکی خڕ داپۆشیوە و خۆی بە کەوان و شمشێرێکی چەماوە پرچەک کردوە و لە ژێر قاچی دا شۆرشگێرێ کە لە سەر زەوی راکێشاوە دەبینین، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە بەرامبەری دا خوای نی نی(ninni) بە کڵاو و جل و بەرگێکی درێژ راوەستاوە کە دەستێکی بەرەو پاشا راکێشاوە و بە دەستێکی دیکەشی پەتێکی خستوەتە گردنی ئەو دو دیلەی کە لە پشتی خوای نی نی چۆکیان داداوە وهەروەها ئەو شەش دیلە ی کە لە ژێر بەردە نوسە کە دا بە وێنە کێشراون. هەمووی دیلەکان رووتن و دەستەکانیان لە پشتەوە بەو پەتە کە لە ملیاندایە بەستراوەتەوە؛ و لە نێوان پاشا و خوای لولوبی ئەستێرەی چوار پەڕەی عەشتار دەدرۆشێتەوە.[٢٦] نووسینی ئەم نەخشە هەڵکەندراوە بە زمانی ئەکەدیە. کە لەم نووسینەدا ناوی

هەموو خواكانی ئەكەدی هاتووە و ئانوبانی نی بۆ سەركەوتن بە سەر دوژمنەكانی لەوان داوای یارمەتی كردوە. و نفرینی ناردوە بۆ ئەو كەسانە كە ئەم وێنەیە لە ناو دەدەن. لە روی زمانی ئەم بەردە نووسە كە بە زمانی ئەكەدی نووسراوە دەتوانین مێژووی ئەم نەخش هەڵكەندراوە بۆ سەردەمی نەرام سین پاشای بە هێزی ئەكەد بگەرێیننەوە.[٢٧]

لە دووەمین نەخش هەڵكەندراوە دا كە مەوداكەی لەگەڵ نەخشی یەكەمدا دور نیە و لە سەر تاشە بەردی كەل گارا بەرجەستە كراوە لێرەش دوو دیل لە پشتی خوای لولوبیەكان دەبینین كە بە درێژایی زەمەن خراپ بووە و لە سێیەمین وێنەدا تەنها پاشا لە كاتێكدا پیشان دەدا كە دوژمن لە ژێر قاچی دا كەوتوە و ئەستێرەی عەشتاریش لە سەرەوەی پاشا دیارە.[٢٨]

## گۆرە بەردینە(دەخمە)ی دووكانی داوود

ئەم گۆرە بەردینە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی مادەكان(٧٠٥-٥٥٠)پێش ز. كە لە سەر یەكێ لە شاخەكانی سەرپێلی زەهاو هەڵكەندراوە. مێژوونوسەكان وەكو دیاكۆنۆف ئەم گۆرە بە هی ئاستیاگ(٥٨٥-٥٥٠)پ.ز دوا پاشای ماد دەناسێنێت.[٢٩] كە ماوەی سی و پێنج ساڵ حكومەتی كردوە. لەم گۆرە دا كە لە ناو دڵی شاخ و لە شوێنێكی بەرز و سەختدا هەڵكەندراوە وێنەی مۆغ یا پیاوێكی ئایینی دەبینین كە دەستێكی بە نیشانە ی نزا بەرز كردوەتەوە و لە دەستێكی دیكەشی بەرسومی(روەكێكی پیرۆز لای مادەكان كە لە كاتی دۆعا و نزا بە دەستەوە دەی گرن) پێیە بەڵام تا ئێستا دەرنەكەوتوە كە وێنەی ئەو كەسە ئایا ئاستیاگ پاشای مادە یا پیاوێكی ئایینیە.

## بەردە نووس و نەخشە هەڵكەندراوە ی ئەشكانی

زنجیرەی پاشایی ئەشكانی سێیەمین زنجیرە لە مێژووی ئێرانی كۆن پاش ماد و هەخامە نشیە. ئەم زنجیرە پاشاییە درێژترین ماوەی دەسەڵاتی لە ناو زنجیرە حكومەتەكانی ئێرانی پێش ئیسلامی بوو كە نزیک ٥٠٠ سال( ٢٣٨ پ.زتا ٢٢٦ز) درێژەی هەبوو. بەڵام بە پێچەوانەی ماوەی دەسەڵاتیان كەم بوونی سەرچاوە لەم ماوەی مێژوویەدا بۆتە هۆی ئەوە كە مێژووی ئەشكانی بە مێژوویەكی ئاڵۆز و تاریک لە لایەن مێژوونوسەكان لە قەلەم بدرێت. هۆكارەكەی سیاسەتی ساسانیەكان بێت یا هەر هۆكارێكی دیكە زانیاریمان سە بارەت بە ئەشكانیەكان زۆر كەم و سنوردارە.

لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئەشكانی، ئەشكانیەكان دوو شێوازی زمان و خەتی ئارامی و یۆنانییان بە كار دەهێنا كە لە نیوەی دووە می سەدەی یەكەمی ز، بەرە بەرە ئەو دوو خەت و زمانە جێگای خۆی بە

زمان و خەتی پارتی(ئەشكانی) دا.[30] بە كار هێنانی خەتی ئارامی لە راستیدا درێژە دان بە سیاسەتی ئیداری و كارگێری هەخامنشیەكان و زیندوو كردنی میراتی ئەوان بوو تا بەم جۆرە خۆیان بە میرات گری هەخامنشیەكان بزانن.[31] یەكێ لەو سەرچاوانە كە پەیوەندی بە حۆلوانەوە هەیە نەخش هەڵكەندراوە و بەردە نووسی گودرز یەكێ لە پاشاكانی ئەشكانیە كە لە سەر شاخی (كەل گارا) لە ژێر بەردە نووسی لولوبیەكان بە بەرزایی ٧مەتر هەڵكەندراوە. لەم نەخش هەڵكەندراوە كە زۆر تێكچووە دوو كەس لە جل و بەرگی ئەشكانی دا دەبینین كە یەكێ لەمانە لە سەر ئەسپ دایە كە دەستێكی چەماندوەتەوە و بە دەستەكەی تریشی ئەسپەكەی راگرتوە و لە بەرامبەری كەسێكدایە كە دەی ئەوێت حەڵقەی پاشایی لەو كەسە كە لە سەر ئەسپەكەدایە وەربگرێت. ناوەرۆكی ئەم نەخش هەڵكەندراوە لە راستیدا بەخشینی دەسەڵات یا پلە و پایە یەك بە یەكێ لە گەورەكانی ئەشكانی یا پاشایەكی ناوچەییە.[32]

یەكەم كەس كە راپۆرتی دەربارەی ئەم نەخش هەڵكەندراوەیە دا راولینسۆن بوو؛ و دێمۆرگان دەكەم كەس بوو كە لەم شوێنەوارە رەسمی گرت.و یەكەم كەس كە لە سەر ئەم بەردەنووسە ئیشی لە سەر كرد هێرتسفێڵد و پاشان هنینگ بوو.[33] بەڵام نێوان لێكۆڵەرەكان دەربارەی ئەوەی كە ئەم بەردەنووسە هی گودەرزی یەكەم یا دووەمە، ڕا و بۆچوونی جیاوازیان هەیە بەڵام بە پێی لێكۆڵینە نوێكان بۆ گودەرزی دووەم دەیگەرێننەوە.

## ئەنجام

بە تاوتوێ كردنی ئەو سەرچاوانە بەو ئەنجامە گەیشتین كە ناوچەی حۆلوان لە مێژووی پێش ئیسلام دا لە چەند رەهەندێكەوە گرنگی تایبەتی بووە و لێكۆڵەری بۆ ئەم مەبەستە هان داوە. حۆلوان ئەگەر چی لە درێژایی مێژوودا چەندها ناوی لە خۆ گرتوە لە رووی كەش و هەوا و بارودۆخی جۆگرافیایی ناوچەیەكی لە بار بووە. هەبوونی ئاو و روبارێكی زۆر و زەوی و زارێكی لەبار بۆ كشت و كاڵ و بەرهەم هێنانی مادە خۆراكیەكان، ئەم ناوچەیە لە روی ئابووریەوە كردبوو بە یەكێ لە پربەهاترین ناوچەكان بە جۆرێك كە شوێنی نیشتەجێ بوونی قەوم گەلێكی وەكو لولوبیەكان و مادەكان بوو،چونكە سەرەرای داهاتێكی باشی ئابووری، شوێنی پەروەردە كردنی مەر و ماڵات بە تایبەتی ئەسپ بوو، و ئەسپەكانی مادی لە دونیای كۆندا بە ناوبانگ بوون . خاڵی دووەم ستراتیژی بوونی ئەم ناوچەیە بوو كە لە رووی سەربازی و بازرگانیەوە گرنگیەكی تایباتی هەبوو. لە روی سەربازیەوە لە سەردەمی مادەكان حۆلوان یەكێ لە شارە هاو سنوریەكانی ئاشوریاكان بوو كە دەتوانیین بلێین مێژووی ماد تا سالی(٦١٢پ.ز) مێژووی جەنگ لەگەڵ ئاشوریەكانە و ئاشور زۆرتر لە رێگای خانەقین و حۆلوانەوە هاتوەتەوە ناو سنورەكانی ماد و بەرەو

ناوەندی ئێران هێرشی هێناوە. و هەروەها لە سەردەمی ساسانیەکانیشدا چۆنکە ئەم شارە کە بە واتای هێرتسفێلد بە دەروازەی ئاسیا بە ناو بانگ بوو و لە سەر هێلی هەمەدان- تەیسەفون هەڵکەوتبوو، سوپای ساسانی هێرشە کانی خۆی بۆ سەر مێزۆپۆتامیا و شارە سنوریەکانی ئیمپراتۆری بیزەنت لە حۆلوانەوە ئاراستە دەکرد بەم پییە زۆر بایەخی پێ دەدرا. و بە درێژایی مێژووی بازرگانی ئەم ناوچە لە سەر هێڵی جادەی ئاوریشم هەڵکەوتبوو بۆیە شوێنی تێپەر بوونی کاروانە بازرگانیەکان بوو کە لەویدا ساسانیەکان بۆ تێپەر بوونی کە کاڵا و شت و مەکەکانیان باجیان لێ وەردەگرتن تا بتوانن کاڵاکانیان بۆ تەیسەفون و پاشان دەریای ناوەراست بگوازنەوە.

هەبوونی ئەو هەموو ئاسەوارە مێژوییە لە لولوبیەکانەوە بگرە تا ساسانیەکان کە سەرنجی مێژوونوسەکان و بیرمەندانی بواری زانستی شوینەوار ناسیەوە بە خۆی راکێشاوە دەسەلمێنێت کە ئەم دەڤەرە ناوەندێکی سیاسی و ستراتیژی و شوێنێکی کۆنی مێژوویە و لە لایەن حکومەتە ناوچەیی و ناوەندیەکانەوە بایەخی پێ دراوە.

## پەراوێزەکان

١-یعقوب محمدی فر،گۆڤاری پیام باستان شناسی، ل٨١-٨٢.

٢- ابن رستە، اعلاق النفیسە، ل١١٢.

٣-گی لسترنج، جغرافیای تاریخی سرزمینهای خلافت شرقی، ل٢٠٠.

٤-ایزیدۆر خاراکسی،ایستگاهای پارتی،ل١٦.

٥-یاقوت حموی، بەرگی ٢، ل ٣٢٢-٣٢٣.

٦-ابن خرداذبە، ل٥-٦و کولسنیکوف ل١٧٢.

٧-لسترنج، سەرچاوەی پێشو، ل٨٦.

٨-ابن حوقل، صورە الارض، ل١١٢.

٩-یاقوت حەمەوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧.

١٠-مقدسی، آفرینش تاریخ، بەرگی ٤-٦، ل٦٠٩.

١١-یعقوبی، تاریخ یعقوبی، ل١٧٦.

١٢- ابن حوقل، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.

١٣-خاراکسی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

١٤-مرتضی حصاری، گۆڤاری باستان پژوهی، ل٣٣.

١٥-محمد تقی فاضلی، گۆڤاری پژوهش نامە تاریخ، ل١١٦.

١٦-هەمان سەرچاوە، ل١٢١.

١٧-ابن اثير، ل٤١٤ و حمدالله مستوفی، ل١١٦.

١٨-گيرشمن، ايران از آغاز تا اسلام، ل٤٧.

١٩-هەمان سەرچاوە، ل٨٨.

٢٠-مرتضی حصاری، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

٢١-دیاكۆنۆف، تاريخ ماد، ل١٤٠.

٢٢- اشلمبورژە،تاريخ ايران كمبريج، بەرگی ٣، ل٤٢٣.

٢٣-نولدكە، تاريخ ايرانيان و عربها در زمان ساسانيان، ل٧٢٢.

٢٤-احمد تفضلی، تاريخ ادبيات ايران پيش از اسلام،ل ٨٠.

٢٥-hertzfeld، ل٢١.

٢٦-رقيە بهزادی، گۆڤاری چيستا، ل٨٧٣ و

, Iran from the erlist of iran p.55-56

٢٧- رقيە بهزادی، ل.٨٧٣-٨٧٤.

٢٨- هە مان سە رچاوە، ل.٨٧٤

٢٩-دياكنوف،ل.١٣٧

٣٠- تفضلی،ل .٧٥

٣١-ولسكی،ل.٨٣

٣٢- نصرالله زادە، ل.٧

٣٣- هە مان سە رچاوە، ل٨.

**ليستی سە رچاوە كان بە زمانی فارسی**

١-ابن اثير،عبيدالله،(١٣٧٠)،**الكامل فی تاريخ**،تهران،اساطير.

٢- ابن حوقل، ابی قاسم،(١٣٦٦)،**سفرنامە(ايران درصورة الارض)**،ترجمە،جعفر شعار، تهران، اميركبير.

٣-ابن خردادبە،عبيدالله،(١٣٧١)، **المسالک و الممالک**،ترجمە،سعيد خاكرند،تهران، مؤسسە مطالعات و انتشارات تاريخی ميراث ملل.

٤-ابن رستە، احمد ابن عمر،(١٣٨٠)،**الاعلاق النفيسە** ، ترجمە،حسين قرەچانلو، تهران،اميركبير.

٥-اشلمبورژە،دانيل،(١٣٨١)،**هنرپارتی**،تاريخ ايران كمبريج،ترجمە، حسن انوشە،ج٣،تهران،اميركبير.

٦-بهزادی،رقيە،**لولوبيها(قومهای كم شناختە كهن)**، مجلە چيستا،ص٨٧٣-٨٨٠.

٧-تفضلی،احمد،(١٣٧٨)، **تاریخ ادبیات ایران پیش از اسلام**،تهران، سخن.

٨-حصاری،مرتضی،(١٣٨١)،**یادداشتهایی بر تاریخ و باستان شناسی ماد(٢)**، مجله باستان پژوهی،شماره١٠،سال چهارم.

٩-حموی،یاقوت،(١٣٨٣)،**برگزیده مشترک یاقوت حموی**،ترجمه،محمد پروین گنابادی، تهران،امیرکبیر.

١٠- خاراکسی،ایزیدور،(١٣٩٠)،**ایستگاهای پارتی**،ترجمه،فیروز حسن عزیز،تهران،گنجینه هنر.

١١- دیاکنوف،م،(١٣٤٥)،**تاریخ ماد**،ترجمه، کریم کشاورز،تهران، بنگاه ترجمه و نشر کتاب.

١٢-فاضلی،محمد تقی(١٣٩٠)، **جاده ابریشم و نقش ایران به عنوان عامل ارتباط شرق و غرب در دوران باستان**، مجله پژوهشنامه تاریخ،سال هفتم،شماره بیست و پنج.

١٣- گیرشمن،رومن،(١٣٧٩)،**ایران از آغاز تا اسلام**،ترجمه، محمود بهفروزی، تهران،جامی.

١٤- کولسنیکف،آ.ای،(٢٥٣٧)،**ایران در آستانه یورش تازیان**،ترجمه،م.ر یحیایی، تهران، آگاه.

١٥-لسترنج،گی،(١٣٧٧)،**جغرافیای تاریخی سرزمینهای خلافت شرقی**،ترجمه، محمود عرفان،تهران، علمی و فرهنگی.

١٦- محمدی فر، یعقوب،(١٣٨٤)،**جغرافیای تاریخی منطقه زاگرس مرکزی در دوران پیش از اسلام**، مجله پیام باستان شناسی،سال دهم، شماره ٤.

١٧-مقدسی،مطهر ابن طاهر،(١٣٧٤)،**آفرینش و تاریخ**،ترجمه، محمد رضا شفیعی کدکنی،تهران،آگه.

١٨-نولدکه،تئودور،( ١٣٥٨)،**تاریخ ایرانیان و عربها در زمان ساسانیان**،ترجمه، عباس زریاب،تهران، انجمن آثار ملی.

١٩-ولسکی،یوزف،(١٣٨٨)،**شاهنشاهی اشکانی**، ترجمه،مرتضی ثاقب فر،ققنوس.

٢٠- نصرالله زاده،سیروس،(١٣٩٠)،**ادبیات کتیبه ای:بازنگری بر کتیبه اشکانی سرپل زهاب**، مجله پژوهشهای زبانی،دوره دوم،شماره ١.

٢١- یعقوبی،احمد ابن اسحاق،(١٣٨٢)،تاریخ یعقوبی، ترجمه،محمد ابراهیم آیتی،تهران، علمی و فرهنگی.

R. Ghirshman, **Iran from the earliest times to the Islamic,** conouest,penguin books, paris,1978